# خەزرەجیم هێنایە وەڵام

گۆران هەڵەبجەیی

لەپاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی بوونی خەزرەجی لەدانیمارك میدیاكانی ئێرە كەوتنە خۆیان و بازاڕیان پێگەرم كرد ٠هەرچی ڕۆژنامەو وێستگەی ڕادیۆ تیٚ ڤیٚ هەیە چەندین هەواڵ وبابەتیان لەمەڕ بڵاوكردەوە٠ هاوكات هەندێك لەم میدیایانەش دیداریان لەگەڵدا ئەنجامدا٠ تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەواڵی خەزرەجی میوانێكی بەردەوامی ڕووبەری ڕۆژنامەكانە٠ ویرای میدیای دانیماركی میدیاكانی جیهانیش كەم تازۆر گرنگیان پێداوەو خۆیان پێوەخەریك كردووە ٠

برێكیان وێرای بڵاوكردنەوەی هەواڵ چ بە تەلەفون یا ڕاستەوخۆش پەیوەندیان پێوەكردوە، نمونەی BBC، MBC، دیرشپیگل، ڕۆژنامەیەكی ڕوسی، شرق الاوسط، زەمان و چەندین ڕۆژنامەی دیكە ٠

ڕۆژێك ئەوەم بەخەیاڵدا هات كە بۆچی هەوڵێك بەناوی تیٚ ڤیٚ كەمانەوە * KURD TVنەدەم دیمانەیەكی لەتەكدا سازبدەم، بەمەش دەبینەیەكەم

میدیای كوردی لە دوواندنی ئەوتاوانبارەدا٠ پاشان بیرۆكەم خستە بەردەمی هاوكارانم٠ ئەوانیش لایان پەسەندبوو٠ وەلیٚ دەمێك هاتینە سەرچۆنیەتی پراكتیزەكردنی كارەكە لێی پاشگەز بووینەوە٠ ئەویش لەبەرئەم هۆیانە٠

- ئەو هەمووكوردیك {وێرای یەكیەتی وپارتی وبزووتنەوەی ئیسلامی} بە دووژمنی سەرسەختی خۆی دەزانێت٠كەواتە ئامادەنیەلەبۆ دووژمنانی خۆی بدوێت٠

- بەگومانبوونی لەدەزگایەكی ڕاگەیاندنی كوردی بێلایەن٠ پێدەچێت وا اتێبگات كە لایەنێكی نەیاری خۆی بزوێنەری ئەم دەزكایەیبێت ٠ جا لەو ڕوانگەوە كارێكی گەمژەییە ڕێگەیانبدات بێنە ماڵەكەیەوەو ئاشنای نهێنیەكانی ژیانیبن٠

- چاكدەزانێت پرسیاری كوردێك جیاوازە لە پرسیاری ژۆژنامەوانێكی عەرەب یا ئەوروپی كە شارەزاییكی قوڵ وفراوانیان لەڕووداوەكان و

- ورۆڵیخەزرەجی لەكارەساتەكاندا نیە٠ لەبەرئەوە خوی دەپارێزێت لەڕووبەڕووبوونەوەی پرسیاری وورووژێنەر {ئیستیفزازی} ٠

پاشان بەدوی ئەڵتەرناتیڤدا گەڕاین، ئەوەبوو ئەڵتەڕناتیڤەكەمان تا ڕادەیەك گوونجاوبوو٠ ئیمە وەك KURD TV میوانین یاخود بەشێكین لە{ لوكاڵ تی ڤی}یەك بەناوی TV STOP كە كۆمەڵێك گەنجی چەپی دانیماركی بەڕێوەیدەبەن ٠ ئیمەو ئەوان زۆرجار كاری هاوبەشمان ئەنجام داوە، بۆیە بەچاكمان زانی ئەم كارەش پێكەوە ئەنجامبدەین٠ بەوەی ئیمە پرسیارەكان ئەمادە بكەین وە خۆشم وەك وەرگێڕئامادەبم٠ كەواتە بەبەردێك دوونیشان دەشكێنین، یەكەم لای ئەو وانیشان دەدەین كە ئەم دیدارە بۆ كەناڵێكی دانیماركیە، دووەم بەرهەمەكە دەبێتە بەرهەمی دوو تی ڤی و هەردوولا ئازاددەبن لە پەخشكردنیدا٠ مەسەلەكەم بۆ بەر پرسی TV STOP {یورگن}باسكرد زۆری پێخۆش بوو، وەلەسەر ئەوەش ڕێكەوتین كە هەردووكمان بەوكارەهەستین. لەسەر ئەوەش ڕێكەوتین كە هەرخۆی پەیوەندی بگرێت بە پارێزەرەكەی خەزرەجییەوە بۆ دیاری كردنی ڕۆژی دیمانەكە {گەرهات و خەزرەجی دژنەبوو} ٠

هاوكات یورگن گفتیدا كە بەخێرایی كاری بۆبكات وپاشان ئاگادارم بكاتەوە ٠

بەڵام بەداخەوە یورگن گفتی خۆی نەبردەسەر وە هیچی ئەنجام نەدا٠ ئەویش بەهۆی سەرقاڵیەوە بە بەڕێوەبردنی كەناڵەكەینەوە لەلایك وە نەبوونی جۆرە حەماسێك بۆ مەسەلەكە لەلایەكی دیكە٠

بەڵام من ئومێدم لەدەستنەدا وە لەفرسەتێك دەگەڕام تا هەوڵەكەمی تێدا بهێنمە دی٠ ئەوەبوو ڕۆژی ٢٠٠٣/١/١٧ بەشێكی گچكەی هەوڵەكەم وەدیهات٠

هەر چوار هەفتە جارێك دادگای دانیمارك چاوبە دۆسیەكەی خەزرەجیدا دەخشێنێتەوە٠جاری یەكەم لەكۆتایی ساڵی ڕابردوودابوو لەكۆبنهاگن، جاری دووەم لەو بەروارەی سەرەوەدابوو لەشاری سۆغۆ ئەوشارەی خەزرەجی لێی نیشتەجێیە٠ هەمان ڕۆژ من ودووئەندامی دیكەی{ كۆمیتە٭}كاك دەرسیم دیبەگەیی و كاك ئەحمەد عەزیز لەبەردمی دادگا چاوەڕێبووین٠ هاوكات

چەندین هەواڵنێری میدیای دانیمارك و بێگانەش ئامادەبوون لەنێوانیاندا پەیامنێری BBC· منیش كامێرایەكی ڤیدیۆی بچووكم بەدەستەوە بوو، هەموو چاوەڕێی گەشتنی خەزرەجی بووین· زۆری نەبرد بەماشێنێك خۆیی و كوڕەكەیی وپارێزەرەكەی گەشتن· دەمیك لەماشێنەكە دابەزین پەیامنێرەكان بەرەوپیریان چوون وكۆمەڵێك پرسیاریان ئاراستەكردن ·وەلێ نەخۆی نە پارێزەرەكەی وەڵامی هیچ پرسیارێكیان نەدایەوە تەنها ئەوەندەنەبێت پارێزەرەكەی گووتی چاوەڕێمان بكەن تا ئاكامی دادگا دەردەدەچێت ئەودەمە بۆتان دەدوێین· پاشان هەموو چووینە ژووری دادگا ·من لێرەدا باس لە ڕووداوو ئاكامەكانی دادگاكە ناكەم چوونكە ئەوەمان بە بابەتێك لەزۆر ماڵپەڕوو ڕۆژنامەكاندا بەكوردی وعەرەبی بەناوی كۆمیتەكەمانەوە بلاْوكردەوە ·تەنها ئاماژە بە ووتەیەكی خەزرەجی دەكەم كەلەوێ گووتی {٢٢ ملیون عێراقی چاوەڕێی منن تا لە دەستی ڕژێمی سەددام ڕزگاریانبكەم·}

لەكۆتایی جەلسەكانداهەركەدادوەر كەوتە خوێندنەوەی بڕگەكانی یاسای سزادان كەئاماژەبوون بۆ مانەوەی خەزرەجی لەدانیمارك، ئیدی من بەخێرایی هۆڵەكەم جێهێشت وهاتمە دەرەوەو كامێرەكەم پێكرد· سەرەتا دەرسیم وئەحمەد لەكاتی هاتنە دەرەوەدا بە پەنجەكانیان سوومبوڵی سەركەوتنیان نەخشاند· هێندی نەبرد خەزرەجیش بەڕوویەكی گرژوتاڵەوْە بەیاوەری پارێزەرو كوڕەكەی هاتەدەرەوە· بەرلە پەیامنێرەكانی دیكە من كامێراكەم ئاراستەی كردو ئەم پرسیارەم بەزمانی عەرەبی لێكرد:

هەستت چیە بەوەی كە چوار هەفتەی دیكەیان بۆ درێژ كردیتەوە؟

كەمیك تێم ڕاماو وەڵامی نەداوە · پاشان بەكورتی وەڵامی هەمان پرسیاری دایەوە كە پەیامنیری BBCئاراستەی كرد· بەدوایدا هەمان پرسیارم لێدووبارە كردەوە، هەمدیس وەڵامی نەداوە· ئەوجا پارێزەرەكەی وەڵامی چەند پرسیارێكی ڕۆژنامەوانانی دایەوە· هەركە پارێزەرەكە لە وەلامەكان بوویەوە من پرسیارێكی دیكەم ئاراستەی خەزرەجی كرد·

- ئایا هیوابڕاوبوویت بەدەرچوون لەدانیمارك؟
- وەڵام: نەخێرهیوابڕاونەبووم گەرەكە مرۆڤ هەردەم بەهیوا بێت·
- هیواكەت پشتیبە چ بنەمایەك بەستووە؟
- بەرەوانی دۆزەكەم بە وەی كە من هیچ پەیوەندیەكم بەو تۆمەتانەوە نیە كەدراونەتە پاڵم ·
- ئایا تۆ خۆت بەبێتاوان دەزانیت؟
- بەتەئكید·
- ئایا گەلی عێراق لەسەرتۆ یەكیكەوتووە بۆڕزگاربوون لەڕژێمیسەددام؟
- گەلی عێراق پێویستی بەهەموو مرۆڤێكی شەریف و دڵسۆزهەیە·
- بۆ تۆخۆت بەدڵسۆز دەزانیت بۆ گەلی عێراق؟
- بەتەئكید·

پاش وەڵامی پرسیارەكانی من هەندەك پرسیاری دیكەی لەلایەن پەیامنێرانەوە ئاراستە كرا، پارێزەرەكەی بەكوورتی وەڵامی دانەوە · ئەوجا سواری ماشێنەكەیان بوون و ڕۆشتن·

*KURD TV كەناڵێكی لۆكاڵی سەربەخۆیە چەند كوردێك بەشێوەیەكی ئارەزوو مەندانە بۆ پتر لەدووساڵە بەڕێوەی دەبەن· لەهەموو بوارە جیاجیا كاندا بەرنامەمان چێكردووە· منیش یەكێكم لە هەڵسوڕێنەرانی ئەو تی ڤی یە·

٭{كۆمیتە} مەبەست لە {كۆمیتەی بەگەڕختنی هەوڵەكان بۆ دادگایی كردنی خەزرەجی} یە·

halabja@ofir.dk

.**تێبینی كوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاْویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣